حوکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی خوێندنی بالا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سلاحەدین ـ هەولێر

کۆلێژی زمان


# کەرەسە سەرەکیەکانی رستە لە زمانی کوردیدا

ئەم لێکۆلینەوەیە پێشکەش کراوە وەک بەشێک لە پێداویستەیەکانی بروانامەی بەکالۆریۆس لە زمانی کودیدا


ئامادەکردنی:

مرسل بدیع احمد

بەسەرپەرشتی:

م.تریفە محسن محمد



٢٠٢٣ زاینی

١٤٤٤ کۆچی

٢٧٢٣ کوردی

**پێشکەشە بـە :**

پێشکەشە بە دایک و باوکی ئازیزم کە هەموو هیوایەتان بوو بەم رۆژە بگەم , وە بێگومان هەموو رەنج و ماندووبونی ئەوان بوو تا گەیشتم بەم رۆژە خوای گەورە تا تەمەنێکی دور و درێژ بۆ منیان بهێلێت .

پێشکەشە بە مامۆستای زێدە ئازیزم مامۆستا تریـفـە کە زۆر لەگەلم ماندوبوو تا توانیم ئەم باسە بە سەرکەوتووی تەواو بکەم .

پێشکەشە بە کتێبخانەی کۆلێژی زمان کە توانیمبێت بە وشەیێکیش بێت خزمەتم بە زمانی کوردی کردبێ.

پێشکەشە بە خوشک و برا و هەموو هاورێکانم .

## سـوپـــاس نـــامـــه :

ســــەرەتا ســــوپاس و ســــتایش بۆ خودای میهرەبان کە گەیاندمی بەم رۆژە بە تێپەرکردنی قۆناغێکی تری خوێندنم , بێگومان مرۆڤ لە هەر کارێک و لەهەر بوارێکدا دەبێت خودا یێکەم پشـــت و پەنا بێت , بە پشـــتیوانی خودای میهرەبـان هەموو شـــتەکـان بەجوانی و بەرێکی بەرێوە دەچن هەروەکو بە گەورەی عیزەتی خۆی دەفەرمووێ ( 🔶 وَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ ۚ وَكَفَىٰ بِاللَّهِ وَكِيلًا).

🔷 [وَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ] وە تۆ تەنها پشت بە خوای گەورە ببەستە وە کارەکانت تەنها بە خوای گەورە بسپێرە [ وَكَفَى بِاللَّهِ وَكِيلًا (٣) ] وە بەســە کە کەســێك کارەکانی بەخوای گەورە بســپێرێ و تەوەکول بکاتە ســەر خوای گەورە کە خوای گەورە ئەیپارێزێ.

سوپاس بۆ دایک و باوکی زێدە ئازیزم کە هەتا ماوم ناتوانم ئەم چاکەی ئەوان بدەمەوە هەمشە پێداگری ئەوەبوون ئەم قۆناغەش تێ بپەرێنم بەهەموو بارودۆخێکی ژیانەوە.

سوپاس بۆ سەرپەرشتیاری باسەکەم بەرێز م.تریفە کە تا کۆتای لەگەلم بوو تا توانیم ئەم باسە بە سەرکەوتووی تەواو بکەم.

سوپاسی هەموو ئەو کەسانە دەکەم کە بە وشەیێکیش بێت پشتگیریان کردم تا بەم قۆناغە گەیشتم .

## ناوەرۆک

**بابەت** | **لاپەرە**


| بابەت | لاپەرە |
|---|---|
| پێشەکی | ١ |
| **بەشی یەکەم** | **٢** |
| کەرەسەسەرەکیەکان | ٢ |
| بکەر | ٣ |
| جۆرەکانی بکەر | ٣ |
| بکەری رێزمانی | ٤ |
| بکەری لۆجیکی | ٤_٥ |
| بکەر دیار | ٦ |
| بکەر نادیار | ٦ |
| بەرکار | ٧ |
| جۆرەکانی بەرکار | ٨ |
| بەرکاری راستەوخۆ | ٩ ـ ١٠ |
| بەکاری ناراستەوخۆ | ١١ |
| تەواوکار | ١٢ |
| جیاکردنەوەی تەواوکار و سەربار | ١٢ ـ ١٣ |
| کار | ١٤ |
| کارلەرووی کاتەوە : | ١٥ |
| کاری رابرووی نزیک | ١٦ |
| کاری رابردووی دوور | ١٦ |
| کاری رابردووی تەواو | ١٦ |
| کاری رابردووی بەردەوەم | ١٧ |
| کاری رانەبردوو | ١٧ |
| کار لەرووی هێزەوە: | ١٨ |

کاری تێنەپەر ........................................................................ ١٨
کاری تێپەر........................................................................ ١٩
ڕێگاکانی گۆرینی کاری تێنەپەر بۆ کاری تێپەر.................................................. ٢٠ ـ ٢١
کار لەروی پێکهاتەوە : ......................................................................... ٢١
کاری سادە........................................................................ ٢١
کاری دارژاو........................................................................ ٢١ ـ ٢٢
کاری لێکدراو........................................................................ ٢٣ ـ ٢٤
**بەشی دووەم** ........................................................................ ٢٥
کەرەسە لاوەکیەکان........................................................................ ٢٥
ئەنجامەکان ........................................................................ ٢٦
سەرچاوەکان........................................................................ ٢٧

## پـێـشـەکـی :

کەرەسە سەرەکیەکانی رستە لە زمانی کۆردیدا یێکەکە لەو بابەتانەی کە لەناو زمانی کوردی گرنگیەکی ئەوتۆی هەیە , بۆیەمنیش پێم باشبوو لەسەر ئەم بابەتە باسی دەرچوونەکەم بنووسم , چونکە ئەم بابەتە زۆر گرنگە لەناو زمانی کوردیدا , بابەتێکی گرنگە بۆ زیاتر تێگەیشتن لە ئاستی رستەسازی.

هۆی هەلبژاردنی بابەتەکە :

هۆیەکەی ئەوەیە کە حەز و ئارەزوی خۆم بوو بۆ توێژینەوەکەم ئەم بابەتە هەلبژێرم.

هۆیێکی تر ئەوەیە ئەم بابەتە زیاتر بابەتی رستەسازیت بۆ رونتر دەکاتەوە .

رێبازی لێکۆلینەوەکە : لێکۆلینەوەکە دەچێتە ناو رێبازی وەسفی شیکاری.

ئاستی زمانی : کرمانجی ناوەراستە.

گیر و گرفتی لێکۆلینەوەکە : گرفتی سەرچاوە پەیدا کردنم هەبوو , نەمدەتوانی بەئاسانی سەرچاوەی بەدەست بێنم.

پرۆگرامی لێکۆلینەوەکە : ئەم لێکۆلینەوەیە لە پێشەکیەک و دوو بەش و ئەنجامەکان پێکهاتووە , بابەتەکانیشم تیۆری و پراکتیکی بەیێکەوە لەدوای یێک بەکار هیناوە

بەشی یێکەم : کەرەسە سەرەکیەکان

بەشی دووەم : کەرەسە لاوەکیەکان

## بەشی یەکەم:

## کەرەسە سەرەکیەکان رستە لە زمانی کوردیدا :

**کەرەسە سەرەکیەکانی رستە بریتین لە :**

بکەر

بەرکار

تەواکەر

کار

کەرەسە سەرەکیەکانی رستە

ئەو کەرەسانەن کە دەبێت لە رستەدا هەبن وە بەو کەرەسانەوە رستەی واتادار دروست دەبێت .

( بەوکەرەسانە دەگوترێت کە لە رستەدا بونیان هەیە,بە جۆرێک ئەگەر کەرەسەکان لە رۆنانی سەرەوەشدا دەرنەکەون ,ئەوا دەبێ لە رۆنانی ژێرەوادا دەرکەون و بونیان هەبێت ) .( خۆشناو , ٢٠١٤, ٦٣)

کەرەسە سەرەکیەکان لە زمانی کوردیدا بە خودی کارەوە بەستراونەتەوە بە سێ جۆر دابەش دەکرێت :

لە کاری تێپەردا ← بکەر+بەرکاری راستەوخۆ + کاری تێپەر

نموونە : سەردار خانوەکەی کری

ئەحمەد ← بکەر

مۆبایلەکەی ← بەرکاری راستەوخۆ

کری ← کاری تێپەر

لە کاری تێنەپەردا ← بکەر + کاری تێنەپەر

نموونە : ماریا هات

ماریا ← بکەر

هات ← کاری تێپەرە

کاری ناتەواو ← نیهاد + گوزارە

نموونە : میلاد زیرەکە

میلاد ← نیهاد

زیرەکە ← گوزارەیە

کەرەسە سەرەکیەکانی رستە چین :

بکەر

بەرکار

تەواوکار

کار

## بکەر:

ئەو ناوەیە یان جێناوەیە لە رستەدا کارێک ئەنجام دادات یان کارێکی دەدرێتە پاڵ . ( کەرەسەیەکی سەرەکی رستەیە , ئەو ناوەشە بەرکاری رستەکە هەڵدەستێت هەندێ جار جێناو و شوێنی بکەر دەگرێتەوە لەرستەدا , یاخود دەبێت بکەر کەسێک بێت یان شتێک بێت , کە ئەنجامدان یان ئەنجامنەدانی بکەوێتە ئەستۆ لە نەو رستەدا) .( خۆشناو, نەریمان عبدولا , ٢٠١٤ , ٦٥ ).

میرزا هات

میرزا > ناوە > بکەرە

ئەوان ڕۆیشتن

ئەوان > جێناوە > بکەرە

جۆرەکانی بکەر :

بکەری رێزمانی

بکەری لۆجیکی

بکەر دیار

بکەر نادیار

## بکەری ڕێزمانی :

ئەو بکەرانەن کە بکەری ڕاستەقینەی نین بەلام شوێنی بکەر دەگرنەوە و بە بکەر هەژمار دەکرێن.  الخولي بەم شێوەیە پێناسەی بکەری ڕێزمانی کردووە : ( لە ڕستەدا بریتیە لەو ناوەی کە بۆشای بکەر پڕدەکاتەوە , ناوەکە چ بکەری ڕاستەقینە بێ , چ بکەری ناڕاستەقینە بێ , کە بکەری لۆجیکی بەرامبەری دەوەستێت).  ( الخولي محمد علی ،١٩٨٢، ١١١) بۆ نموونە :

نازدار شەربەتەکەی خواردەوە

د.نەریمان  بەم شێوەیە پێناسەی بکەری ڕێزمانی کرووە

( بەو بکەرانە دەگوترێ کە لەرووی ڕێزمانەوە بکەرن , واتە بکەری ڕاستەقینەی ڕستە نین بەڵکو تەنیا شوێنی بکەریان لە ڕستەدا پڕکردۆتەوە).  (خۆشناو, نەریمان عبدولا   , ٢٠١٤ ، ٧٠)

نموونە :

شوشەکە شکا :

لەم ڕستەیەدا وشەی شوشەکە , بکەری ڕێزمانی ڕستەکەیە , بەلام لەبنەڕەتدا خۆی کارەکەی ئەنجام نەداوە , چونکە شوشەکە کارەکەی ئەنجام نەداوە کەسێک شوشەکەی شکاندووە , بۆیە لێرانەدا تەنیا دەڵێین  شوشەکە بکەری ڕێزمانیە

## بکەری لۆجیکی:

ئەو بکەرانەن کە لەرستەدا بونیان هەیە و بکەری ڕاستەقینەن

الخولي : بەم شێوەیە پێناسەی بکەری لۆجیکی کردووە

( بریتیە لە بکەری ڕاستەقینەی کارەکە , ئەگەر چی لەشوێنی بکەری ئاسایدا بەکارنەهاتبێ یان لابرابێ ) . (الخولي , محمد علی ، ١٩٨٢ ، ١٦٠)

له زۆربەی ئەو رستانەی,کە کارەکانیان تێپەرە,ئەو کەرەسەیە دەبێتە بکەری رێزمانی ,دەبێتە بکەری لۆجیکیش.واتە بکەری رێزمانی و بکەری لۆجیکی یەک شیکردنەوەیان دەبێ .

نموونە :

کاروان نانی خوارد

کاروان لەرووی رێزمانی و لۆجیکەوە بکەری رستەکەیە , چونکە لە رووی رێزمانیەوە شوێنی بکەری پر کردۆتەوە و لەرووی لۆجیکیشەوە بکەری راستەقینەی کارەکەیە , واتە کارەکەی ئەنجام داوە , کەچی لە هەندێ رستی تردا , بکەری رێزمانی و لۆجیکی شیکردنەوەی جیاوازیان دەبێ واتە بکەری رێزمانی دەبێتە بکەری لۆجیکی

نموونە : خانوەکە رووخا .

د.نەریمان بەم شێوەیە پێناسەی بکەری لۆجیکی کردووە :

( بەو بکەرانە دەگوترێ , کە لە رووی واتاوە ئەرکی بکەر بەجێ دەگەینن , بەو واتایەی بکەری راستەقینەی کارەکەیە , ئەم جۆرە بکەرە هەندێ جار لە شوێنی ئاسای خۆیان دێن بەلام هەندێجاری تر لە شوێنی بکەری ئاسای ناهێت) ( خۆشناو, نەریمان عبدولا , ٢٠١٤. ٧١ )

نموونە :

ئاهەنگ دەنگی ئازاد دەبیستێ

لەم رستەیەدا ئەگەر (بکەر) و (بەرکار) دەستنیشان بکەین بەبێ لەبەرچاوگرتنی لایەنی واتای رستەکە ئەوە (ئاهەنگ) بکەری رستەکەیە و ئازاد بەرکارە , بەلام ئەگەر لەرووی واتاوە رستەکە شیبکەینەوە , ئەوا بۆمان روون دەبێتەوە کە ئازاد بکەرە و ئاهەن بەرکارە , چونکە ئازاد قسە دەکات و کار لە ئاهەنگ دەکات دەنگەکە دەبیستێت بەمە ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کە

ئاهەنگ > بکەری رێزمانییە

ئازاد > بکەری لۆجیکییە

## بکەر دیار:

ئەو ناوەیە یان جێناوەیە کە ڕاستەوخۆ لە ڕستەدا دەردەکەوێت و بەروونی دەردەکەوێت

( بکەر دیار پێناسەی جۆراوجۆری بۆ کراوە بەلام هەموویان لە چوارچێوەی یەک بنەما کۆ دەبنەوە ئەویش ئەوەیە کە دەڵێ ( دەرکەوتنی ڕاستەوخۆی بکەرە لە ناورستەدا وەکو دەشزانین ئەم جۆرە بکەرە ناوە یان جێناوە کە لە ناورستەدا بە ڕاپەراندنی ئەرکی خۆی هەڵدەستێت). ( خۆشناو, نەریمان عبدولا , ٢٠١٤ ، ٧٣ ).

نموونە : ماریا هەنارەکەی خوارد

لەم ڕستەیەدا (ماریا) بکەرێکی دیارە , چونکە خۆی بە کارەکە هەڵساوە

لەم ڕستەیەی باسمان کرد (ماریا هەنارەکەی خوارد) ماریا ناوە بکەری ڕستەکەیە خۆی کاری خواردنی هەنارەکەی ئەنجام داوە

## بکەر نادیار:

بکەر نادیاردا هەر بەناویخۆیەوە دیارە کە نازانرێت کێ کارەکەی ئەنجامداووە واتە ئەوەی هەڵدەستێ بە ئەنجامدانی کارێک ونە و دیار نیە .( کۆمەڵێ پێناسەی بۆ کراوە بکەر نادیار , بەلام هەر هەموویان ئاماژە بەوە دەکەن لە ناورستەدا تەنیا ونبوون و دەرنەکەوتنی بکەرە کەواتە لێرانەدا نازانین کێ کارەکەی ئەنجام داوە).(خۆشناو, نەریمان عبدولا , ٢٠١٤, ٧٤ )

نموونە : نانەکە خورا

لێرەدا کێ نانەکەی خوارد دیار نیە

کەواتە بکەر نادیارە چونکە ئەو کەسەی کاری خواردنەکەی ئەنجام داووە دیار نیە .

## بــــەرکـــــار:

وەکو کەرەسەیێکی رستە , لە ڕستەدا مەبەستی کاری ڕستەکە ڕوون دەکاتەوە، ڕستە بەبێ بەرکاریش دەبیت، بەڵام بەرکار بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی واتای کارەکەی بەکاردێت

بۆ زیاتر رونکردنەوەی بابەتەکە:

بەرکار : وەڵامی وەشەی پرسی "چی؟" و "کێ؟" دەداتەوە. بۆنموونە :

ـ من سێوەکەم خوارد

من چیم خوارد ؟ >> سێوەکە

کەواتە سێوەکە بەرکارە

ـ هەڤاڵ ڕۆژنامە دەخوێنیتەوە

هەڤال چی دەخوێنییتەوە ؟ >> رۆژنامە

کەواتە ڕۆژنامە بەرکارە

ـ من کاروانم بینی

من کێم بینی ؟ >> کاروان

کەواتە کاروان بەرکارە

### بەرکار وەکو کەرەسەیەکی رستە زیاتر ناساندنی بەکار

ریزماننووسان چ کورد چ بیانی پیناسەی بەرکاریان کردووە. لەوانە ؛ عومەر محمود کەریم دەلی

بەکار ئەو زاراوەیە لە شیکردنەوەی ئەرکە ریزمانیەکاندا بەکاردی ئاماژە بە دروستبوونی پیکهاتەی سەرەکی رستەو فریز دەکات، لە ریزمانی چاولیکەریدا بەرکار ئەو کەسەیە یان ئەو شتەیە کەکاری بکەرەکەی دەکەویتە سەر و بە ئامانجی کارەکە ناو دەبرێ. ( کـــــەریم , عمر محمود , ٢٠٠٤, ٣٤ )

مزگین عەبدولرەحمان ئەحمەد دەلی

لە ریزمانی چاولیکەریدا بەرکار ئەو کەسەیە یان ئەو شتەیە کە کاری بکەرەکەی دەکەویتە ئەستو بە ئامانجی کارەکە ناو دەبری یان بەرکار ئەو کەسەیە یان ئەوشتەیە کە پیشوازی لە کاری روداویک دەکات . ( احمد , مزگین عبدالرحمان ٢٠٠٦ ,١٣ )

عەبدولواحید موشیر دزەی

دەلێ ( بەرکار ئەو ناوەیە کە کارەکەی بەسەریدا تیپەر دەبیت) هەندی جاریش راناو یان گروپیکی سینتاکسی دەبیت. (دزەی , عبدولواحید موشیر , ٨٣٦,٢٠٠٦ )

لە ریزمانزاناني بانيش ، لەوانە :

محەمەد عەلی خولی دەلی ( بەرکار ئەو ناوەیە کە کاریگەری کارەکەی بەشیوەی راستەوخو ، یان ناراستەوخو دەکەویتە سەر .)( الخولي, محمد علی ١٩٨٢ : ١٩٠ )

( کریستال دەلی ( بەرکار : پیکهاتەیەکی سەرەکی رونانی رستە ، یا کلوزە لەدیرینەوە لەگەل وەرگری کار و ئامانجی کار تیکەل بووە ) ( crystal 1992 : 275 )

**بەرکار دوو جۆری هەیە :**

**١. بەرکاری راســـتەوخۆ**

**٢. بەرکاری ناراســەوخۆ**

## بەرکاری راستەوخۆ:

جاک ریچارد دالێ (بەرکار ئەگەر راستەوخۆ بکەوێتە ژێر کاریگەری کارەوە , ئەوا پێیدەوترێ بەرکاری راستەوخۆ ).    ( ریچارد , ١٩٩٦ , ٣٨٧ )

بەرکاری راستەوخۆ : بەو وشانە دەوترێ کە راستەوخۆ دەکەونە ژێر کاریگەری کاری رستەکەوە و مەرجی سەرەکی لە پەیدابوونی بەرکاری راستەوخۆ لە رستەدا پەیوەستە بە کاری تێپەرەوە

بەگوێرەی یاسا لە زمانی کوردیدا هەموو کارێکی تێپەر یاخود هەموو رستەیەک دەبێت یێک بەرکاری راستەوخۆی تێدابێت , بەلام لەهەندێ حالەتی زۆر دەگمەندا دوو بەرکاری راستەوخۆ دەردەکەوێت ( بەلام لە زمانی عەرەبیدا ئاساییە دوو بەرکاری راستەوخۆ یان سێ بەرکاری راستەوخۆ لە رستەدا دەربکەوێت )

وەکو لە پێشەوە  ئاماژەمان بۆی کرد کە بەرکاری راستەخۆ پەیوەستە بە کاری تێپەرەوە , هەربۆیەش کارە تێپەرەکان بریار لەسەر چۆنیەتی دەرکەوتنی بەرکاری راستەوخۆ دەدەن , چونکە دەشێ بەرکاری راستەوخۆ و بەرکاری ناراستەوخۆ لە رستەدا بەیەکەوە بێن  (خۆشناو, نەریمان عبدولا   , ٢٠١٤, ١١٥)

پۆلێنکردنێک سەبارەت بەکاری تێپەر دەکەین

یەکەم ـ ئەو کارە تێپەرانەی یەک بەرکار لەناو رستەدا وەردەگرن

سیروان مۆز دەخوات

سیروان > بکەر

مۆز > بەرکاری راستەوخۆ

دەخوات > کاری تێپەرە

نەرمین دەسماڵێکی کری

نەرمین > بکەر

دەسماڵ > بەرکاری راستەوخۆ

کری > کاری تێپەر

دووەم ـ ئەو کارە تێپەرانەی دوو بەرکار لەناو رستەدا وەردەگرن

ـ میرزا بە خاکەناز زەوی دەکێڵێت

میرزا > بکەر

بە > پێشبەند

خاکەناز > بەرکاری ناراستەوخۆ

زەوی > بەرکاری راستەوخۆ

دەکێڵێت > کاری رانەبردووی تێپەر

سێیەم : دەکرێ لە هەندێ حاڵەتی دەگمەندا کاری تێپەر زیاتر لە بەرکارێکی راستەوخۆ وەربگرێت

ـ مامۆستاکە رێزمانی کوردی فێرکردین

مامۆستا > بکەر

رێزمانی کوردی > بەرکاری راستەوخۆ

ین > بەرکاری راستەوخۆ

(خۆشناو, نەریمان عبدولا , ٢٠١٤ , ١١٦ )

## بەرکاری ناراستەوخۆ:

بەو وشانە دەوترێ , کە بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ دەکەونە ژێر کاریگەری کارەکەوە , مەرجی دەرکەوتنی بەرکاری ناراستەوخۆش لە رستەدا پەیوەستە بە پێشبەندەکانەوە . دیارە ئەم دیاردەیەش وەنەبێت تەنها لە زمانی کوردی بوونی هەبێت , بەڵکو لە زمانی عەرەبیش دەبینرێت , ئەویش پێی دەوترێ (حرف جر , اسم مجرور ).(خۆشناو, نەریمان عبدولا , ٢٠١٤ , ١١٩ )

مامند بە پایسکلەکە رۆیشت

مامند > بکەر

بە > پێشبەند

پایسکل > بەرکاری ناراستەوخۆ

رۆیشت > کاری بابردووی تێنپەر

مندالەکە بە پەنجە نان دەخوات

مندال > بکەر

بە > پێشبەند

پەنجە > بەرکاری ناراستەوخۆ

نان > بەرکاری راستەوخۆ

دەخوات > کاری رانەبرووی تێپەر

## تـــــەواوكـــــەر:

تەواوكار وەكو كەرەسەيێكی سەرەكی رستە پێويستيەكی هەميشەی رستەيە لادانيان دەبێتە هۆی نارێزمانی بونی رستەكە.

تەواوكار : وەكو كەرەسەيێكی سەرەكی رستە بەو كەرەسانە دەگوترێن كە لە ڕستەدا دەبنە پێويستيەكی هەميشەيی كارەكەو ناتوانرێ وازيان لێ بهێنرێ ، واتە لابردنی , دەبێتە هۆی نارێزمانی بوونی ڕستەكە، يان ناوەڕۆكی واتای كار و ڕستەكە دەگۆڕێت،چونكە يەكێک لە تايبەتييە هەرە گرنگەكانی تەواوكار ئەوەيە كە كەرەستەيەكی پێويستە لە ڕستەدا، بە واتای ئەوەی لە پلەی كارو بكەر دايەو لانابرێت بێ ئەوەی واتاو دروستەی ڕستەكە تێكنەدات.چونكە تەواوكار و كارەكە توندتر چوونەتە ناو دروستەی رستەكەوە دروستەی ناوەكييەكانی پێكهێناوە .

گرێكان بە هەموو جۆرەكانيەوە ( گرێی ناوی , گرێی ئاولناوی , گرێی بەند... ) ئەم ئەركە دەبينن , بەلام بە شێوەيەكی گشتی لە زمانی كورديدا گرێی ئاوەلناوی ئەم ئەركە دەبينێ. ( فەرهادی , ساجيدە عبدالله ,١٩٩٥ , ٦٥ ). بۆ نموونە :

قەميسەكەی احمد رەشە

رەشە > تەواوكار

خوشكی ئازاد پەرەستارە

پەرەستارە > تەواوكار

ئەم پاقلاوەيە زۆر شيرينە

شيرينە > تەواوكارە

## جياكردنەوەی تەواوكار و سەربار:

بەچەند خالێك تەواوكار و سەربار لە يە كترجيادە كريتەوە لە وانە:

1 .تەواوكار بەندی كارە و هاوبەشی دەكات لەو بارە ، يان رووداوەی كەكارەكەرای دەگەيەنی و بەشێكی گرنگە كە لە واتـای كارە كەجيانابيتەوە ، كە چی سەربار تـەنيـا بـارو مـە رجی رووداوەكە، يـانبارەكەی دەردەخات و لە رووی واتاوە گرنگی نييە.

ــ ئەو لە ژووره کە دانیشت

سەرباره

ــ براکەم لە دەرەوەی کوردستان دەژی

سەرباره

ــ ئەو لە ژوورەوە بوو

تە واوكاره

2 .لادان یان فرێدا بە تاقیکردنەوەیەکی سینتاکسی دادەنرێ بۆ جیاکردنوەی تەواوکار و سەربار تەواوکار بە ئارەزوو فرێنادرێ لە رستەدا , چونکە بەندە بە بەکارەوە و کارەکە وازی لێ ناهێنێ , بەلام سەربار بە پێچەوانەوە بە ئارەزوو بە ئاسانی فرێ دەدرێ بێ ئەوەی کار بکاتە سەر رستەکە لەرووی واتاوە .

سەردار پارەکانی خستە ناو دۆلابەکەوە . تەواوکاره

چونکە ئەگەر گرێی ( ناو دۆلابەکە ) لابدەین ئەوا کار لەواتای رستەکە دەکات

سەردار پارەکانی لەناو دۆلابەکە هەلگرتوە سەرباره

چونکە ئەگەر گرێی ( لەناو دۆلابەکە ) لابدەین کار لە واتای رستەکە ناکات.

3 .ژمارەی تەواوکار سنوورداره بە پێی جۆری ئەو کارەی داوای تەواوکار دەکات , بەلام ئەم سنوورداریيە بۆ سەربار نییە , چونکە هیچ سنورێکی رێزمانی بۆ ژمارەی سەربار لە دروستەی رستەدا نییە . بۆنموونە :

1 .پیاوەکە لە مندالەکەی دا تەواوكار

2 .ژنەکە خوێی لە چێشتەکە کرد تەواوكاره

3 .دوێنێ بەیانی دایکەکە بەپەلە مندالەکەی لەبێشکەدا نواند

١. دوێنێ بەیانی > سەربار

٢بەپەلە > سەربره

4 .لە بێشکەدا > سەرباره



**کـــــــار:**

کار بریتییە لەو کەرەسە سەرەکییەی رستە ، کە کات و روودانی کاری تێداییە. ( کار بەشێکە لە بەشەکانی ئاخاوتن کە کات و روودنی تێداییە , مەبەست لە رودانەکە ئەوەیە کە شتێک روویدابێ یان ئەنجام دارابێ)  (بزێنی , رزگار عوسمان شێخ , ٢٠٢١ ,١٥٣ )

جۆرەکانی کار

کار لەرووی کاتەوە :

کاری ڕابردووی :

کاری رابردووی نزیک.

کاری رابردووی دوور.

کاری رابردووی تەواو.

کاری رابردووی بەردەوام .

کاری رانەبردوو.

کار لەرووی هێـزەوە :

کاری تێنەپەر .

کاری تێپەر .

کار لەرووی پێکهاتەوە :

کاری سادە.

کاری دارژاو.

کاری لێکدراو.



**کار لەرووی کاتەوە :**

**کاری ڕابردوو:**

کاری ڕابردوو: ئەو کارەیە کە ڕووداوەکەی دەکەوێتە پێش ئاخاوتنەوە، واتە ڕوودانی کارەکە بەسەر چووەو ڕوویداوە،کرداری ڕابردوو ئەو کردارەیە کە پرۆسەی ڕووداوەکە پێش ئاخاوتن بکەوێ،لەزمانی کوردیدا فرمانی ڕابردوو بە لابردنی (ن)ی چاوگ دروست دەکرێت)) لەم حاڵەتەشدا کاری ڕابردووی نزیک دروست دەبێت،کە بە یەکێک لەم پێنج مۆرفیمە (وو،ی،د،ا،ت)کۆتاییان دێت.

مۆرفیمی (وو) :

چاوگی > چوون

لابردنی (ن) = چوو

مۆرفیمی (ی) :

چاوگی > کرین

لابردنی (ن) > کری

مۆرفیمی ( د ) :

چاوگی > مردن

لابردنی (ن) > مرد

مۆرفیمی ( ا ) :

چاوگی > سووتان

لابردنی (ن) > سووتا

مۆرفیمی ( ت ) :

چاوگی > شوشتن

لابردنی (ن) > شوشت



**جۆرەکانی کاری ڕابردوو:**

١-ڕابردووی نزیک:ئەو کارەیە کە دەلالەت لەسەر ڕوودانی کارێک لە ڕابردووی نزیکدا دەکات،ئەم جۆرەیان بە لابردنی (ن)ی چاوگ دروست دەبێت واتە لێکردنەوەی (ن)ی چاوگ ،

هەم کاری ڕابردوو دروست دەبێت، هەم کاری ڕابردووی نزیک، هەم قەدی چاوگ. (خۆشناو, نەریمان عبدولا , ٢٠١٣ , ٨٢).

چاوگ ×ن=ڕابردووی نزیک.

چوون ×ن =چوو > ڕابردووی نزیک

سووتان × ن=سووتا= ڕابردووی نزیک

سیڤان وانەی خوێند

یەکێ لەسوودەکانی کاری ڕابردووی نزیک ئەوەیە کە هەموو جۆرەکانی تری کاری ڕابردوو لەوەوە ساز دەکرێت.

٢-(ڕابردووی دوور: ئەو کارەیە کە دەلالەت لەسەر ڕوودانی کارێک لە ڕابردووی دووردا دەکات) . ( خۆشناو, نەریمان عبدولا , ٢٠١٣ , ٨٣ )

یاسای داڕشتن=ڕابردووی نزیک(قەدی چاوگ)+بوو=ڕابردووی دوور.

سووتابوو،خوێندبوو،نووستبوو. ▬ کاتێک من چووم ، ئەحمەد نووستبوو.

٣-(ڕابردووی تەواو:ئەو کارەیە کە دەلالەت لەسەر ڕوودانی کارێک لە ڕابردوویەکی نەزۆر دوور نەزۆر نزیکدا دەکات واتە باس لەوە دەکات کە کاتی ئەنجامدانی کارەکە تەواوبووە). (خۆشناو, نەریمان عبدولا , ٢٠١٣ , ٨٤)

یاسای داڕشتنی (قەدی چاوگ+ووە(وە)یان بیە (یە)مردووە.. تێبینی:ئەگەر چاوگەکە (تائی یان دالی) بوو ئەوا پاشگری (ووە یان بیە )وەردەگرێ نموونە چاوگی تائی =ڕۆیشتن.. ڕۆیشتووە

چاوگی دالی =بردن > بردووە.

مرن > مربیە



٤-(کاری ڕابردووی بەردەوام:ئەو کارەیە کە دەلالەت لەسەر ڕوودانی و بەردەوامی کارێک لە کاتی ڕابردوو دەکات). (خۆشناو, نەریمان عبدولا , ٢٠١٣ , ٨٣)

یاسای داڕشتنی = (دە+ قەدی چاووگ). ▬ خانووەکە دەسووتا کاتێک ئەوان هاتن

**کاری رانەبردوو:**

( ئەو کارەیە کە رووداونەکەی دەکەوێتە داوی ئاخاوتن , واتا کارەکە روی نەداوە یان ئستا روودەدات یان لە داهاتوو) . (خۆشناو, نەریمان عبدولا , ٢٠١٣ , ٨٥)

لە زمانی کوردیدا بۆ سازکردای کاری رانەبردوو , پەنا دەبرێتە بەر ( رەگی رانەبردوو ) مۆرفیمی ئەرێی رانەبردووی دەکەوێتە پێش رەگەکە و جێناوی لکاویش بە کارەکەوە دەنوسێت .

واتا یاساکە بەم شێوەیە : مۆرفیمی ئەرێ (دە) + رەگی رانەبردوو + جێناوی لکاوی بێ هێز

خواردن > دە + خۆ + م = دەخۆم

خواردن > دە + خۆ + م = دەخۆم

سووتان > دە + سووتێ + م = دەسووتێم

بۆ جیاکردنەوەی کاری رانەبردووی (ئێستا و داهاتوو ) لە کرمانجی ناوەراست بەهۆی ئاوەلکارییە کاتییەکان جودا دەکرێنەوە بەلام لە کرمانجی خوارووودا بۆ جیاکردنەوەی ئێستا و داهاتوو هیچ نیشانەیێکی وشەسازی نیە , بەلام بۆ جیاکردنەوەیان بە هەندێ وشەی تایبەتی ئاوەلکارەوە مەبەست دەردەبرن

بۆ کاتی ئێستا وەکو ( وا , ئێسا ئەوا )

وا :

وا : وا دەرۆم بۆ بازار

ئێستا : ئێستا دەرۆم بۆ بازار

ئەوا : ئەوا دەرۆم بۆ بازار



بۆ کاتی داهاتوو وەکو (بەیانی , هەفتەی داهاتوو , مانگێکی تر )

بەیانی : بەیانی گەشت دەکەم.

هەفتەی داهاتوو : هەفتەی داهاتوو گەشت دەکەم.

مانگێکی تر : مانگێکی تر گەشت دەکەم.

**کار لەرووی هێزەو :**

**کاری تێنەپەر:**

**کـــاری تێپەر:**

**کاری تێنەپە:**

ئەو کارەیە کە حال و روودان و کاری کەسێک پیشان دەدات ئەم روودان و حالە پەیوەستە بە بکەرەوە. ( کاری تێنەپەر ئەو کارەیە کە کاریگەری هێزەکەی لە بکەرەوە تێ ناپەرێت بۆ سەر بەشێکی تر بەو واتایەی ناچێتە سەر بەرکاری راستەوخۆ) (خۆشناو, نەریمان عبدولا , ٢٠٠٩ , ٩٠).

کاری تێنەپەر کارێکە ئیشێک یان حال و بارودۆخی کەسێک یان شتێک پیشان دەدات کە لە کاتێکی دیاریکراودا و بە تەنیا واتای تەواو دەدات بە دەستەوە و ئەرکەکەی پەیوەندی بە بکەرەوە هەیە . ( بزێنی , رزگار عوسمان شێخ , ٢٠٢١ , ١٧٦). بۆ نموونە:

موسا هات > رابردووی تێنەپەرە

کچەکە دەخەوێت > رانەبردووی تێنەپەرە

لە زمانی کوردیدا کاری تێنەپەر لەرووی هێزەوە دوو جۆرە:

1 .تێنەپەری خوازەکی : لەم جۆرە کارانەدا دەوری بکەر شتێکی ئاشکرا و ئیدارییە .

نموونە : ئازاد رۆیشت



٢ . تێنەپەری روودان : لەم جۆرە بکەر دەورێکی تایبەتی خۆی نییە . بەو واتایەی کە ئیشەکە بەبێ ویستی بکەر دێتە دی .

نموونە : ئاوەکە رژا

دارەکە سووتا

لەم رستانەدا کارە تێنەپەرەکانی ( رژا , سووتا )

بکەر رۆلی نەبووە لە رستەکەدا

(کۆری زانیاری کورد , ٢٠٠٥ , ١٥٨)

**کــاری تێپەر:**

ئەو کارەیە کە حال و روودان و کاری کەسێک پیشان دەدات ئەم حال و رودانە لێرەدا پەیوەست نیە بە بکەرەوە بەڵکو لە بکەر تێدەپەرێت بۆسەر بەرکار .( کاری تێپەر : کارێکە ئیشێک یان حال و بارودۆخی کەسێک یان شتێک پیشاندەدات لە کاتێکی دیارکراودا و هەمیشە ئەرکی کردارەکە لە بکەرەکەوە تێپەرێتە سەر کەسێک یان شتێکی تر پێی دەگوترێ بەرکار ).(لیژنەی زمانی کوردی , ٢٠٠٩ , ٧٥)

(کاری تێپەر : ئەوکارەیە کە کاریگەریی هێزەکەی لە بکەرەوە تێ دەپەرێت , بۆ سەر کەرەسەیێکی تر ئەویش بەرکاری راستەوخۆیە واتە کاری تێپەر بەرکاری راستەوخۆ وەردەگرێت) (خۆشناو, نەریمان عەبدولا، ٢٠٠٩، ٧٦)

نموونە : مەروان سێوەکەی خوارد

مەروان > بکەر

سێو > بەرکار

خوارد > کاری رابردووی تێپەرە



**رێگاکانی گۆرینی کاری تێنەپەر بۆ کاری تێپەر:**

1 .ڕەگی کار + پاشگری( اند ) = کاری تێپەر

وەکو : نواواند , گەیاند , رزاند , ڕوواند

2 .قەدی چاوگ + پاشگری ( اند ) = کاری تێپەر

وەکو : ڕووخاند , گریاند , چوواند

( ( بزێنی , رزگار عوسمان شێخ , ٢٠٢١ ,١٧٩ ).

کاری تێپەر لە ڕووی هەبوونەوە بە سەر دوو جۆر دابەش دەبێت :

1 .**تێپەری ڕەسەن :** (ئەو کارە تێپەرانە دەگرێتەوە کە لە بناغە بنجیدا تێپەرن

وەکو : بردن , کردن , شوشتن). ( بزێنی , رزگار عوسمان شێخ , ٢٠٢١ ,١٧٩ ).

**2. تێپەری نارەسەن :** (ئەو کارە تێپەرانە دەگرێیتەوە کە لە بناغەدا تێنەپەرن بەڵام بەهۆی پاشگری ( اندن ) بونەتە کارێکی تێپەر) ( بزێنی , رزگار عوسمان شێخ , ٢٠٢١ ,١٧٩ )

وەکو : خەوتن > خەو + اندن = خەواندن

سوتان > سوتا + اندن = سوتاندن

**بەراوردی نێوان کاری تێنەپەر و کاری تێپەر :**

1 .ئەو کارەیە کە پەیوەندیەکەی تێنەپەریوەتە سەروشەیەکی تر واتە لە نێوان بکەر و کارە , بەڵام لە کاری تێپەردا پەیوەندیەکەی لە بکەرەوە تێپەریوەتە سەر وشەیەکی تر کە بەرکارە واتە لە نێوان بەرکار و کارە



2 .لە کاری تێنەپەردا هەموو ئەندامەکانی لەش بەژدارن وەکو : خەوت , کەوت , دانیشت ــ بەڵام لە کاری تێپەردا یەک ئەندامی لەش بەشدارە وەکو : گرت , نووسی

3 .كاری تێنەپەر جێناوە لکاوی کۆمەڵەی دووەم (م ـ ین , یت ـ ن , ن ) وەردەگرێت

وەکو کەوتوم > کەوتین , بەلام کاری تێپەر جێناوە لکاوی کۆمەڵەی یەکەم ( م ـ مان , ت ـ تان , ی ـ یان ) وەردەگرێت

4 .کاری تێنەپەر ناکرێت بە بکەر نادیار ـ بەلام کاری تێپەر دەکرێت بە بکەر نادیار

( بزێنی , رزگار عوسمان شێخ ، ۲۰۲۱، ۱۸۲)

**کار لەرووی پێکهاتەوە :**

**کاری سادە :**

کاری سادە : ئەو کارەیە کە لە یێک وشەی تەواوی واتا بەخش پێک هاتووە

١-کاری سادە ئەو کارەیە کە لە یەك وشەی واتادار و سەربەخۆ پێکدێت وەک (ڕۆیشت,هێنا,چوو,مرد,کڕی......) (بزێنی , رزگار عوسمان شێخ , ۲۰۲۱ , ١٩٤)

**کاری دارێژراو:**

کاری دارێژراو ئەو کارەیە کە لە کارێکی سادە و پێشگرێک یان پاشگرێک دروست دەبێت.

٢-کاری داڕێژراو ( کارێکی ناسادەیە,لە کارێکی سادەی واتادار و پاشگرێک یان پێشگرێکی بێ واتا پێکدێت یاخود لەگەڵ هەردووکیان پێکدێت). ( بزێنی,رزگار عوسمان شێخ , ۲۰۲۱ , ١٩٤ )

.أ/پێشگرەکان (هەڵ،دا،ڕا،وەر،ڕوو،بەر،پێ،ڕۆ

،لێ،تێ)



هەڵ:

(هەڵگرت،هەڵخست،هەڵفڕی)

دا:

(داگرت،دانیشت،داماڵی)

روو:

(ڕوونیشت،ڕووخا،ڕووکرد)

را:

(ڕاگرت،ڕاکرد)

وەر:

( وەرگەڕا،وەرگێڕا،وەرگرت)

ب/پاشگرەکان(ەوە،ەڤە،اند)-ەوە/

ەڤە☹کردەوە،کردەڤە،بردەوە،بردەڤە...)-کەو+اند= کەواند،نواند.... .)

شێوەی درووست بوونی کاری دارێژراو:

١-پێشگر+کاری سادە=کاری

دارێژراو وەک:

هەڵ+گرت=هەڵگرت (هەڵفڕی،هەڵبوو،هەڵچوو،هەڵهات) دا+گرت=داگرت. را+هێنا=ڕاهێنا. ڕا+ماڵی=ڕاماڵی.(ڕادان،ڕاگرت،ڕاکێشا...) وەر+گرت=وەرگرت. ڕۆ+چوو=ڕۆچوو(ڕۆکرد،ڕۆنان...)



٢–پێشگر+کاری داڕێژراو=کاری داڕێژراو. تێ+هەڵدا=تێهەڵدا،هەڵ+وەراند=هەڵوەراند

٢–کاری سادە+پاشگر=کاری داڕێژراو. خوارد+ەوە=خواردەوە.هات+ەڤە=هاتەڤە. سووتا+اند=سووتاند.

٣–پێشگر+کاری ساده+پاشگر=کاری داڕێژراو.
دا+خست+ەوە=داخستەوە.هەڵ+نیشت+ەوە=هەڵنیشتەوە.

**کــاری لـێـکـدراو:**

ئەو کارەیە کە لەدوو وشەی واتادار پێک دێت :

٣–کاری لێکدراو (کاری لێکدراو:ئەو کارەیە کە لە دوو وشە ی واتادار یان زیاتر پێکدێت. یان لە چاوگێکی لێکدراو دروست دەبێت)(ئەو کارە لەدوو وشەی سادە یان زیاتر پێکدێت و لەناو ڕستەشدا وەکو وشەیەکی سەربەخۆ ئەرکی خۆیان دەبینن،ئەم وشە لێکدراوانەش لە کارێک لەگەڵ بەشێکی تری ئاخاوتن پێکدێن.) ( بزێنی , رزگار عوسمان شێخ , ٢٠٢١ , ١٩٨ )

ڕێگاکانی دروست بوونی کاری لێکدراو :

أ–ناو+کار ١–(ناوی سادە +کاری سادە.

ئاو+دا=ئاودا. یارمەتی+دا=یارمەتیدا

٢–ناوی داڕێژراو +کاری سادە . سارما+بوو=سەرمابوو.ڕێگا+گرت=ڕێگاگرت



٣–ناوی لێکدراو +کاری سادە. ناڵەناڵ+کرد=ناڵەناڵکرد.دەستنیشان+کرد=دەستنیشانکرد.

٤–ناوی سادە+کاری داڕێژراو. دەست+هەڵگرت=دەستهەڵگرت. چاو+لێبوو=چاولێبوو.

٥-ناوی داڕێژراو +کاری سادە. لەبیر +کرد =لەبیرکرد

٦-ناوی داڕێژراو +کاری داڕێژراو.بەبیر+هاتەوە =بەبیرهاتەوە... )

ب/هاوەڵناو +کار.

1 - هاوەڵناوی سادە+کاری سادە.بڵند+کرد=بڵندکرد.خۆش+کرد=خۆشکرد

٢-هاوەڵناوی داڕێژراو +کاری سادە.بەهێز+کرد=بەهێزکرد.نەخۆش+کەوت =نەخۆشکەوت

٣-هاوەڵناوی لێکدراو+کاری سادە. دڵخۆش+کرد =دڵخۆشکرد.

٤-هاوەڵناوی سادە+کاری داڕێژراوم.تازە+ بووەوە=تازەبووەوە.

٥-هاوەڵناوی داڕێژراو +کاری داڕێژراو .بێ ئاگا+بووەوە=بێ ئاگا بووەوە.

٦-هاوەڵناوی لێکدراو +کاری داڕێژراو. دڵخۆش +بووەوە=دڵخۆش بووەوە..

پ/هاوەڵکار +کار. ١-هاوەڵکاری سادە+کاری سادە. زۆر+بوو =زۆربوو(پێشخست،دواکەوت)

2 - هاوەڵکاری سادە +کاری داڕێژراو. کەم+کردەوە=کەمکردەوە

3 - هاوەڵکاری داڕێژراو +کاری سادە. لەناو+چوو =لەناوچوو....)



**کەرەسە لاوەکییەکان :**

ئەو کەرەسانەن کە دەرکەوتنیان لە رستەدا گرنگ نیە بەواتاییکی تر ئەگەر ئەو کەرەسانە لە رستەدا هەبن و نەبن ئەوا رستە هەر واتادار دەبێت . ( ئەو کەرەسانەن کە دەشێ لە رستەدا دەرنەکەون یاخود ئەگەر لە رستەشدا بونیان هەبێ , دەتوانین لە رستەکە لایانبەرین , بەبێ ئەوەی واتای رستەکە بشێویت. (خۆشناو, نەریمان عبدولا , ٢٠١٤ , ٦٤)

کەرەسە لاوەکییەکان بریتین لە :

(ئامراز , پێشبەند , ئاولکار, رادە.... )

بۆ نموونە : ئەگەر ئێمە چەند نموونەیەک بێنینەوە لەسەر کەرەسە ناسەرەکییەکان :

نموونە : مەروان بە پاس چوو بۆ هەولێر

کەرەسەی سەرەکی : مەروان چوو هەولێر

کەرەسەی لاوەکی : ( بە پاس , بۆ )

تێبینی : وەکو دەبینین ئەگەر ئێمە هەردوو وشەی (بە پاس , بۆ ) لە رستەکە لابدەین ئەوا دەبینین رستەکە واتا دەدات و کەواتە واتای رستەکە نا شێوێنێت ئەم دوو وشەیە کەرەسەیێکی لاوەکیین و گرنگ نین لەرستەکەدا

ـ ئــەو زۆر ئەدوێ > زۆر ئاوەلکارە

ئەگەر وشەی (زۆر) لە رستەکە لابدەین (ئەو ئەدوێ) دەمێنێتەوە و واتا دەدات واتە ئاوەلکاری (زۆر) کەرەسەیێکی ناسەرەکییە و دەتوانین لە رستەکە لا بدەین

ـ بەرخەکە باش ئەلەوەرێ

ئەگەر وشەی ( باش ) لە رستەکە لابدەین ( بەرخەکە ئەلەوەرێ ) دەمێنێتەوە و واتا دەدات کەواتە ئاولکاری ( باش ) کەرەسەیێکی لاوەکییە , دەتوانین لە رستەکە لابدەین

ـ باران کەم باری > کەم ئاوەلکار

ئەگەر وشەی ( کەم ) لە رستەکە لابدەین (باران باری) دەمێنێتەوە , و ئاوەلکاری ( کەم ) کەرەسەیێکی ناسەرەکییە و دەتوانین لە رستەکە لابدەیین



## ئەنجامەکان :

لەم توێژینەوەیە گەیشتمە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە :

1 .ژمارەی کەرەسەلاوەکیەکان لە رستەدا کەمترە لە کەرەستە سەرەکیەکان لە رستە سادەکان بەلام لە رستەی سادە فراوانکراوەکان ژمارەی کەرەستە لاوەکیەکان زیاترە بەمەبەستی رونکردنەوەی کەرەستە سەرەکیەکان.

2 .کەرەستە سەرەکییەکان وەکو بکەر و بەرکار لەرووی رستەسازی و واتاییەوە جۆرەکەیان دیاری دەکرێ .

3 .راستە پێناسەی زۆر و جۆراوجۆر بۆ کەرەسە سەرەکیەکان کراوە بەلام هەمویان کۆکن لەسەر ئەوەی کەوا , کەرەسە سەرەکیەکانی رستە ئەو کەرەسانەن دەبێت لەرستەودا هەبن و نابێت لە رستەدا لا بدرێن

4 .کەرەسە لاوەکیەکان بە شێوەیێکی گشتی ئەو کەرەسانەن کە دەکرێ لە رستەدا لابدرین بێ ئەوەی واتای رستەکە بشێوێنێت

**سـەرچـاوەکـان :**


١. د نەریمان عبدلله خۆشناو , رستەسازی , چاپی دووەم , هەولێر, ٢٠١٤.

٢. د. عبدلواحید موشیر دزەی , رێزمانی کوردی , چاپی یێکەم , ٢٠١٤.

٣. پ.ی.د.نەریمان عبدالله خۆشناو , رێزمانی کوردی , چاپی یێکەم , سلێمانی , ١٩٦٠.

٤. رێزمانی ئاخاوتنی کوردی ــ بەپێی لێکۆلینەوەی لیژنەی زمان زانستەکان لە کۆری زانیاری کورد دانراوە.

٥. پ.ی.د.نەریمان عبدالله خۆشناو , رێزمانی کوردی , چاپی یێکەم , ٢٠١٤ .

٦. پ.ی.د.نەریمان عبدالله خۆشناو , رێزمانی کوردی , چاپی حەوتەم , هەولێر , ٢٠١٥.

٧. م.رزگار عوسمان شێخ بزێنی , رێزمای کوردی , چاپی یێکەم , ٢٠٢١.

٨. د.ئاورەحمانی حاجی مارف, رێزمانی کوردی , چاپی دووەم, هەولێر , ٢٠١٤.

٩. پ.ی.د.ساجیدە عبدالله فەرهادی , هەندێ لایەنی رستەسازی زمانی کوردی ,چاپخانەی هاشم , هەولێر , ٢٠١٣.

١٠. ریزبوونی کەرەستە لە زمانی کوردیدا , ئاواز حەمە صدیق بەگیخانی , هەولێر , ١٩٩٦.